سەرکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری پێشوازی لە باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کرد



ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێیدان، لەگەڵ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق، ئێلبروس کوتراشۆف، سەبارەت بە هاوکارییە دادوەرییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێی کرد. لە ڕاگەیەندراوێکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە، "سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێیدان، پێشوازی لە ئێلبروس کوتراشۆف باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کرد". ئاماژەی بۆشکرا کە، "لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا گفتوگۆیان لەسەر هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بواری دادوەریدا کرد". باڵیۆزی ڕووسیا "بانگهێشتنامەیەکی بە سەرکی ئەنجومەنەکە نارد بۆ ئەوەی سەردانی ڕووسیا بکات".